# ئەفسانە لە نێو جووەکان لە هەرێمی کوردستان
# چەند نموونەیەکی هەلبژێردراوی ناوچەی بادینان

**پ. ی. د. زریان جیزنی محمد**
کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- هەرێما کوردستانێ/ عیراق
**سازان صباح پیربال**
کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر- هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

جووەکان سالانێکی زۆر وەکو پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کەمایەتی ئایینی، بەشێکی زیندووی دانەبڕاوی کۆمەڵگای کوردستان بوونە و ڕۆڵ و کاریگەریان هەبووە، لە دەوڵەمەندکردنی کولتووری ماددی ومەعنەوی کۆمەڵگای کوردستان، وە پێکهاتی جووەکانی کوردستانیش بە تەواوی ڕەنگ و بۆی کولتووری کۆمەڵگای کوردستانیان وەرگرتووە وەکو( زمان، جلوبەرگ، مۆسیقا، شێوەژیانی خێزان و بۆنەکان) وە هەروەها جووەکان بە پێی ئایینەکەیان خاوەنی چەندان ئەفسانە و چیرۆك و بەسەرهاتن لەسەر زەمینی کوردستان، کە تا ئەمڕۆش شوێنەوار و چیرۆکی ئەم ئەفسانانە بە زیندوویەتی لە کولتوورەکەیاندا ماونەتەوە. ئێمە لەم توێژینەوەدا سەرەنجمان چڕ دەکەینەوە لەسەر ئەفسانەی جووەکان لە ناوچەکانی بادینانی و هەرێمی کوردستان (زاخۆ و دهۆك ودەوروبەری). دیاریکردنی مێژووی سەرهەڵدانی ئەفسانە ئەستەمە، بەڵام دەزانین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بە ئێستاشەوە خاڵی نیە لە ئەفسانە و لە هۆشیاری و خەیاڵی مرۆڤەکان دوور نەکەوتۆتەوە. دەرکەوتنی بیروباوەری ئایینە جیاوازەکان لە کۆندا لە ئەنجامی بێدەسەلاتی توانای مرۆڤدا بووە بەرامبەر بە سروشت. ئەفسانە بیرکردنەوەیەکی ئەقلانی زۆر پێویستە لە نێو ئایینەکان یان ئایینزا و مەزهەبەکان بۆ بەجێگەیاندنی جێگیری باوەڕ و پیرۆزی وەزیفەکان، یان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ئەتنۆلۆژیانە (بوونگەراییانە) کە باوەڕی مرۆڤ پتەو و کاریگەرتر دەکات بە ئایینەکە. ئەفسانە پێویستی بە بیرکردنەوەی قوڵ نییە یان تیۆرییەکی ئالۆزی پێویست نییە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەفسانە ئاراستەی باوەڕداران دەکرێ و ئامانجی گرێدانیانە بە کولتوورەکەیانەوم. چیرۆکی هەریەك لە ئایینەکان بخوێنیتەوە بەردی بناغەی ئایینەکە بە چیرۆکێکی ئەفسانە دەستپێدەکات،

بەهەمـان شـێوە بـۆ ئـاینی جووەکـانیش ڕاسـتە. کولتـوری جووەکـان لـە کوردسـتان زۆر دەوڵەمەنـدە بـە ئەفسـانە، بـە تـایبەتی لەبەر ئەوەی مێژووییەکـی دووورودرێـژ بـە پەرشـوبڵاوی و بندەستی ژیابوون و پێویستیان بـە ئومێد و بڕوایەکـی پتەو هەبووە بۆ درێـژەدان بەرزڕاگرتنی کولتوور و باوەر و پیرۆزییەکانیان .لەم توێژینەوەیەدا ئێمە چەند ئەفسانەیەکی جووەکانی ناوچەی بادینان وەردەگرین کە لەسەردەمی هاتنیان بۆ سەرزەمینی کوردستان، تا ئەمرۆش ئەم چیرۆك ئەفسانانە کاریگەر و ڕەنگدانەوەی خۆیان هەبووە لە کۆمەڵگای کوردستاندا، وە ئەم ئەفسانانە تا کاتی گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل بە شێوەکی زارەکی سینگ بە سینگ پـارێزراون و سـودیان لێوەرگیراوە( کـە ئێسـتا زۆریـنەی ئەفسـانەکانیان تۆمـارکراوەن و لـە فەوتان ڕزگارکراون)

**پەیڤێن سەرەکی:** *جوو، ئەفسانە، بارزان، سۆمەری، کولتوور.*

## پێشەکی

جووەکان بەشێکی دێرین و زیندووی و کۆمەڵگەی کوردستانن و خاوەن ئاین و مێـژووی تایبـەت بـەخۆیانن، وە هـەروەها خـاوەنی ئەفسـانەی خۆیـانن کـە بۆتـە بەشـێك لـە کولتووری کوردی، کولتورو ئاین و میژوو و ئەفسانەی جووەکان لەگەڵ هەموو شوێنەوارە گرنگیـەکانیان شـایەنی پاراسـتن و گرنگـی پێدانـە، کـارکردن لەسـەر توخمـە گرنگـەکانی کولتـوری جووەکـان سـنوری ئاگـایی و تێگەیشـتنمان فراوانتـر و قـوڵتر دەکەن لە بارەی بەها و کاریگەری ئەم توخمە کولتوریانە لە شێوهازری بیرکردنەوەی و تێگەیشتنی تاکی کورد.

ئەفسانە بەشێکی گرنگی پێکهاتی زۆرینەی ئایینەکانە و ڕاڤە و شیکاری زۆر هەڵدەگرێ وە تێگەیشـتنمان خـەملاوتر دەکات لەسـەر دنیـابینیی کـوردە جووەکـان و لـەو قۆناغە مێژووییەی کە بەشێك بوونە لە کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەت دەڤەری بادینان.

لەبەشـی یەکەمـدا تیشـك دەخەینـە سـەرمێژووی کـۆچ و هـاتنی جووەکـان و بڵاوبوونەوەیان لە شارو شارچکەکانی کوردستان و جێگیربونیان. وەهەروەها تیشك دەخەینە سەر قۆناغی گەڕانەوەی ڕێژەی هەرە زۆریان بە پێی بڕیاری یاسای کۆچکردنی جووەکان.

وە لەبەشی دووەمـدا تیشـك دەخەینـە سـەر ڕاڤـەکاری ئەفسـانە بـە گشـتی و بـەهاو کاریگەرییەکانی لە نێو کولتوور و ئاییندا.

لەبەشـی سـێهەمدا تیشـك دەخەینـە سـەر بەتایبـەتی ئەفسـانەی کـوردە جووەکـان و کاریگـەری ئەفسـانەکان لـە نێـو ژیـانی ئـایینی و باوەڕداریـان، هـەروەها چـەند نمونەیـەکی ئەفسانەی کوردە جووەکانمان وەرگرتووە و تا ئەمڕۆش کاریگەری خۆیان هەیە و پارێزراون.

## کێشەی توێژینەوە

ئەفسانەی کوردە جووەکان ساڵانێکی زۆر سنگاو سنگ لە لایەن زانا و پیاوە ئاینیەکان نێو جووەکان پارێزرابوون، قۆناغی پاشتر لەبەر گرنگی و پیرۆزی ئەفسانەکان تۆمارکران. پاش تۆمارکردن شارەزایان زیاتر گرنگیان پێداو پاراستیان، بەڵام لەوساوە وەکو پێویست گرنگی بە ئەفسانەی کوردە جووەکان نەدراوە زۆر کەم توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدراوە. گرنگی دان بە ئەفسانەی کوردە جوەکان گرنگی دانە بە فرەڕەنگی ئایین و کولتوری کۆمەڵگەی کوردستان.

## ئامانجی توێژینەوەکە

بریتیە لە تیشك خستنە سەر مێژوو و کولتووری کوردە جووەکان و شیکاری و قوڵبوونەوە لە توخمە گرنگەکانی ئەفسانە و تێگەیشتن لە پێکهاتی ئەفسانە و کاریگەرییەکانی لە نێو ئایینی جووەکان. وەهەروەها ئامانجی توێژینەوەکە زیاتر ئاشنا بوونە بەشێکی پەراوێزخراوی ئەفسانەی کوردە جووەکان بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی ئەفسانەی کۆمەڵگەی کوردستان کە تا ئەمرۆش ڕۆڵی کاریگەر و زیندووی خۆی پاراستووە.

## بایەخ و گرنگی ئەم توێژینەوەیە

گەوهەری بابەتەکە لەوەدایە کە ئاوڕ لە بەشێکی مێژوو و کولتوورو ئەفسانەی کوردە جووەکان دەداتەوە، لەبەر ئەوەی توێژینەوەی زانستی نابێ هیچ بەشێکی کۆمەڵگەی کوردستان افەرامۆش بکات و پەراوێزی بخات. لە دیوێکی ترەوە توێژینەوە لەسەر کولتور و ئەفسانەی کوردە جووەکان پردی گەور ە و بەهێز دروست دەکات لە نێوان کۆمەڵگەی کوردستان و کۆمەڵەی کوردە جووەکان لە ئیسرائیل کە ساڵانێکی زۆرە دوای گەرانەوەشیان هەوڵیان داوە زمان و جل و بەرگ و کولتووری کورد بپارێزن لە ئیسرائیل.

## میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەستراوە بە میتۆدی مێژوویی و ڕاڤەکاری و شیکاریی توخمەکانی کولتوورییەکان و کاریگەری ئەفسانە لە ئاییندا. ئەم میتۆدە جەخت دەکاتە سەر تێگەیشتن لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی ئەفسانە لە پێکهاتی ئایینەکەیاندا و ئاراستەکردنی بڕوادارانی ئایینەکە بۆ یەککبوون و خۆڕاگری، وە هەبوونی کاریگەری لەسەر ڕوانگە و دونیابینین و خۆناسینیان.

لە دیوێکی ترەوە ئاوێتەکردنی ڕەگەزی پیرۆزی لە ڕۆڵی کەساییەتیە ئایینەیەکان و بەرجەستەکردنی پەیوەندییەکۆمەڵاییەتیەکانیان لەگەڵ ژینگەی دوور و نزیکدا لە ژیانی ڕۆژانەدا.

**بەشی یەکەم: مێژووی جووەکان  لە کوردستان**

جووەکانی کوردستان بە گشتی بۆسەردەمی ئاشورییەکان، رۆژگاری فەرمانرەوایی شا(شەلمانسەری سێیەم (٨٥٩-٨٢٤)پ. ز دەگەرێنەوە. توانیویەتی جووەکانی ئۆرشەلیم بەدیل بگرێ و بۆ میسۆپۆتامیایان بنێرێ. بەلام لای هەندێ لەمێژوونوسانی ترەوە بڕوایان وایە جووەکانی کوردستان بە گشتی پاشماوەی ئەو جووانەن کە شای کلدان( نەبوخزنەسر) لەسالانی ٥٩٥-_٥٨٦  لەشالاوێکی سەربازیدا گیراون بەدوو قۆناغ  کە ژمارەیان لە ٤٠٠٠٠ زیاترە بووە، بەرە و شاری بابلی هێنان لەوێشەوە رەوانەی ناوچە کوردییەکانی کردوون( Beer, 2000, p 26)

جووەکانی کوردستان بە کۆنترین کۆمەڵگەی جووەکان دادەنرێن، بەبەراورد لەگەل جووەکانی تری دەرەوەی ئیسرائیل، پێدەچێ دورخستنەی جووەکەکان بۆ کوردستان بەمەبەستی رێگرتن بوو بێ لەدوبارە گەرانەوەیان بۆ ناوچەکانی پێشووتری نیشتەجێبوونیان چونکە چەندین جار لەژێر دەسەلاتی فەرمانرەوای بابلی و ئاشوری هەلگەراونەتەوە نەیانویستیە ملکەچی باجدان. مەبەستیان ئەوە بوو میللەتی جوو لە ناو میللەتانی تری ناوچەکە وبتوێنەوە و نەمێنن(حبیب، ٢٠٠٦، ص١٠)

جووەکان زیاتر لە ناوچەکانی، هەولێر، موصل، دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، کۆیە و سلێمانی نیشتەجێ بوون، لە ناو هەریەکێك لەم شارانە گەرەکێکی تایبەت بەخۆیان هەبووەو، کە بە(گەرەکی جووەکان) ناوەزد کراوە. (میران ،٢٠٠٠، لا٢٩)

سەبارەت بە ئاماری جووەکان لە ناوچەکانی کوردستان گۆرانکاری بەسەر هاتووە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە لە سەردەمی جیاواز توشی دەربەردەری و قات و قرِی و نەخۆشی مردن بوونەتەوە، کە ئەمەش زۆر جار بۆتە هۆی کەمبوونەوە ژمارەیان. کە بەسەر نزیکەیی  ٢٠٠ گوند و شار و شارۆچکەدا دابەش ببون،  بۆیە بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ئاماری جووەکان، بەڵام بە پێی ئاماری فەرمی بەریتانیەکان لە ساڵی ١٩٢٠ لە باکوری عیراق(ناوچە کوردییەکان) دەگاتە ١٤٨٣٩ جوو، بەڵام بە پێی ئاماری فەرمی ساڵی ١٩٤٧ کە لە لایەن عیراقەوە ئامارگیری کراوە تەنها لە باکوری عیراق نزیکەی ٥٧٩٥٥. (المملكة العراقية، وزارة الشؤن الاجتماعية،١٩٥٤ ،٢٢_٩٦)

بۆیە بە پێی تۆماری گشتی ڕووداوەکان بە دەگمەن نەبێت گرژی و توند و تیژی ڕووی نەداوە لە کۆمەڵگەی کوردستان دەرحەق بە پێکهاتی کوردە جووەکان، ئەگەر پێشهاتێکیش ڕووی دابێت لە ناوچە کوردییەکان دەکەوێتە خانەی نەزانین و دەمارگیری ئایینی. متمانە و پەیوەندیەکی بەهێز و پتەو هەبووە لەنێوان موسلمان و جووەکان لە کوردستان هەرچەندە کۆمەڵەی جووەکان لە ئاسایش و پێکەوە ژیانێکی هاوسەنگدا

جێگای خۆیان کردبۆوە، لە قۆناغی دامەزراندنی بزووتنەوەی زایۆنستی لە عیراق و بە تایبەت لە کوردستانیش جۆری لە هەستیاری گرژی و جیاکاری سەری هەڵدا، هێشتا لە کوردستان ڕێژەڕووداوە نەخوازراوەکان زۆر کەمتر بوو بە بەراورد بە ناوچە عەرەب نشینەکانی خوارووی عیراق. چەندان سەرچاوە ئاماژە دەکەن بە ڕووداوگەڵی وەکودەستدرێژی کردن ( ریش سوتاندن)،هێرشکردنە سەر ماڵی جوووەکان و یان سوتاندنی کەنیشتەکانیان. لە کۆتایی سەدەی هەژدەمیش دا ڕۆژهەڵاتناسی ناودار(ئۆلیڤیێ) لەبارەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی جووەکان لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا دەنوسێ: (تێکەڵاوی ڕەگەزی ئایینی جووەکەکان پەیوەندیەکی پتەویان لەگەڵ کوردەکان هەبووە هەروەها هاتووچۆ و بازرگانیشیان لە نێوانیان هەبووە کولتووریان ئەوەندە پێکەوە ئالۆزکاون کە زۆر بابەتی رەسەنی کۆنی کورد دەچنەوە سەر جوو)، (اولیڤیە:،١٩٨٨،ص٢٧.)

لە ناوچەکانی ئاکرێ بە پێی هەندێ لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە سەردانی کوردستانیان کردووە و چوونەتە ئاکرێ، لەوانە بنیامینی دووەم کە سەردانی ئاکرێی کردووە لە ساڵی ١٨٤٨ ز ئاماژەی بەوە داوە کە چەندینجار لە لایەن موسڵمانە توندرەوەکان هێرشیان کراوەتە سەری و لە کاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینیەکان، بۆیە وای کردووە کە جووەکان کۆچ بکەن بۆ ناوچەیەکی ئارام تر، چونەتە ناوچەکانی بارزان . سەرەرای ئەمەش بارودۆخی جووەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری کوردستان جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە ناوچەکانی کوردستان لە لایەن سەرۆك عەشیرەت و ئاغاو پیاوماقولانەوە بەڕێوە دەبرا. جووەکانیش هۆشمەندانە هەوڵی خۆ گونجاندنیان داوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی وە بەتایبەتیش بەرژەوەندی سەرۆك خێل و ئاغاکانیان پاراستووە و دڵیان ڕاگرتوون، ئەمەش بۆتە هۆکاری پەیوەندیەکی هاوسەنگی باش، لە بنەرەتیشدا جووەکان پیشەگەرو دەستڕەنگین بوون و لە ڕێگەی بازرگانی و هەوڵسوراندنی بازاردا دەستگیرۆیی تایبتیان بۆ ئاغا و سەرۆك عەشیرەتەکان دەکرد. لە ناوچەکانی زاخۆ و دهۆك و ئامێدی ئاکرێ و ناوچەکانی بارزان، وە ئاغاکان وسەرۆك عەشیرەتەکان و خەلکی دەستڕۆیشتووی ناوچەکان، ڕێزێکی تایبەتی لە جووەکانیان دەگرت و ئەرك ومافەکانیان بە پێی توانا بۆ دابین دەکردن بەڵام هێشتا مافی هاوڵاتیەکی ئاساییان نەبوو لە هەموو بوارەکاندا. ئەوەی کە گرنگە کە ئاماژەی پێ بکەین لە زۆر ناوچەی عەرەب نشینی خوارووی عیراق و خۆرهەڵاتی ناوەراست ئاسایشی سەرووماڵیان دڵنیا نەبوون، بەڵام لە کوردستان ئەم هەوڵە خراوەتە گەڕ لە ئاستی جیا کە سەرو ماڵیان پارێزراوبێت. بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر بارودۆخی جووەکان لە بادینان، بۆ نمونە لە زاخۆ،

(عبدالكريم ئاغا) (زاكين، هەمام سەرچاوە، ٥٦_٥٧.)[١] هەتا لەكاتی كۆچكردنی جووەكان بۆ خاكی ئیسرائیل لە نێوان ساڵانی (١٩٥١_ ١٩٥٢) خۆی سەرپەرشتی كۆچەكەی كردووە و یاوەریان بووە بۆ موسل و بەغدا، یۆنا گابای باسی عبدالكریم ئاغا دەكات دەڵێت ((عبدالكریم ئاغای خۆشەویست لەگەڵ هەر كاروانێكدا كە شاری زاخۆیان جێدەهێشت تاكو موسل لەگەڵیان دەچوو، .... بە جووەكانی دەوت بڕۆن جووەكانم، سەر سەرێ من بڕۆن)) بە پێی قسەی هەندێ كەسی دەوروبەرە دەڵێن بەهۆی خەمی كۆچی جووەكان كۆچی دوایی كرد(زاكین، هەمان سەرچاوە،٦٧-٦٨.)

هەروەها لە ناوچەی دهۆكیشدا سەرۆك خێل وئاغاكان هەڵوێستی جوامێرانەیان نواندووە بە رامبەر بە پێكهاتەی جووەكان. لە كاتی خۆیدا توانیویانە بە ئاشكرا ڕێوڕەسمی ئایینەكەیان ئەنجام بدەن و لە كەنیشتەكانیان نوێنەری خۆیان هەبوو (حاخام) لە باری كۆمەڵاییەتی و ئایینیدا لە كاتی پێویستدا ڕۆڵیان دەبینی و دەنگی جووەكانیان دەگەیاند بە ئاغا و سەرۆك عەشیرەتەكانی ناوچەكە و بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ئاشتیانە چارەسەری كێشە كۆمەڵایەتیەكان بكەن(زاكین، ٢٠١٥، ١٢٢_١٢٦)

هەروەها لە دیوێكی ترەوە (تەكیەی بارزان) لە ناوچەی بارزان و دەوروبەریدا ڕۆڵی تایبەتیان بینیوە بە پێی عەقیدە و ئەو كولتوورەی كە باوەڕدارانی پەیرەویان دەكرد (بارزانیەكانیان و ئەو خێلانەی یەكێتی كۆنفدراسیۆنیان لەگەڵ بارزانیەكان دروستكردبوو) بە تایبەتی بە ڕابەرایەتی (شێخ ئەحمەد بارزانی وەكو ڕابەری ڕۆحی و مەلا مستەفا بارزانی وەكو ڕێبەری شۆرش) دوو سەركردە بوون بەوە ناسرابوون كە پەیوەندیەكی پتەویان لەگەڵ جووەكان هەبوو، زۆربەی ئەو جوونەی لە ژێر دەسەلاتی بارزانی دابوون بە باشی باسی هەڵسوكەوتی بارزانیەكانیان كردووە بەرامبەر جووەكان دەكەن، زۆرجار لەكاتی شەرەكاندا بارزانی خۆی قەسابی بۆ ئامادە دەكردن، چونكە بە پێی دابوونەریتی ئایینی جووەكان دەبوایە خۆیان ئاژەڵ سەرببڕن، (زاكین، ٢٠١٥، ١٠٨). جووەكان تاكوو گەرانەوەشیان بۆ ئیسرائیل ئەو پەیوەندیە هەر مابوو سەردانی یەكتریان كردووە. پەیوەندیەكەیان گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی كە دوای چوونی مەلا مستەفا بۆ رووسیا، حكومەتی عیراق هاورێیەكەی مەلا مستەفا بە ناوی (دێڤید گابای) تۆمەتبار بكەن بە پێشكەشكردنی یارمەتی بە مەلا مستەفا و یاوەرانی، (Lost of ashur 27-2) بۆیە مەترسی لەسەر ژیانی خۆی و خێزانی دروست بووە و پاشان دەستبەسەر دەكرێ ولە ڕێگەی بەرتیل ئازاد كراو. ئەم پەیوەندیە ئەگەر چی دەچێتە سووری متبونەوە بەلام گرنگی خۆی لەدەست

---

[١] عبدالكریم ئاغا: كوری رشید حاجی بەگ بوو، هیچ دەسەلاتێكی حكومی نەبوو، بەلام بەكردار وەكو سەرپەرشتیار بازار كاری دەكرد. خۆشویسترین ئاغاب بوو لە نێو هاووڵاتیانی جووەكانی زاخۆ

نادا به زیندوویەتی دەمێنێتەوە. تا گەرانەوەشیان بۆ ئیسرائیل بەردەوام پرسیاری بارگوزەرانی یەکتریان کردووە و بە ئاگابوونە لە یەکتری. لە ساڵی ١٩٥٨ زاینی لەسەردەمی دەسەڵاتی عبدالکریم قاسم کە بارزانی نەمر دەگەڕێتەوە عیراق  توانیویەتی لە دەرفەتی جیاوازدا هەوڵی داوە سێ جار سەردانی ئیسرائیل بکات و بەسەریان بکاتەوە، بە پێی سەرچاوەکان هەر لەسەرەتای گەرانەوەی بارزانی نەمر وەکو وەفادارییەك هەواڵی هاورێ دێرینەکەی پرسیوە و و کە داوی کردووە لە دەرفەتێکی گونجاودا جارێکی تر چاوی بە هاورێیەکەی بکەوێت کە ناوی (دێڤید گابای)یە، دواتر کە دەچێتە سەردانی ئسرائیل لە کاتی گەیشتنی داوای دیداری (دەیڤید گابای) هاورێ دێرینەکەی، لە وێنەی دەیڤید گابای نیشان دەدەن، بارزانی نەمر زۆر دڵگران دەبێت بە بارودۆخی سەختی ژیانی کۆمەڵەی کوردە جووەکان لە ئیسرائیل، بە تایبەتی هەژاری و ڕوتەڵەیی جل وبەرگی، مەلا مستەفاش لەم دیدارەدا ئەوەندە کاریگەر دەبێت بە بارودۆخی پەراوێزخراوی گابای دەڵێ: (( کە ئایا هاورێ ژیانمان بەو شێوەیە جل و بەرگ دەپۆشی! بەراستی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل شەرمەزاریە!)) هەر لەم دیدارەدا پەیوەندی هاورێیەتیان پتەوتر لە جاران تازە دەبێتەوە بارزانی نەمر بە پێی توانا دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکات. لە قۆناغێکی دواتر لە کۆتای ساڵی ١٩٧٢ گابای وەکو کوردێکی کوردی جووی دۆست دەگەڕێتەوە کوردستان و دەچێتەوە دیداری بارزانی نەمر شاد دەبێتەوە بە دیداری بارزانی نەمر وە زۆربەی ئەوکاتە لە بارەگای بارزانی دەمێنێتەوە لە ناو چیاکان وەکو مێوانێکی ڕێزلێگیراو.(Lost of ashur 27-2)

هەڵویستی مرۆڤدۆستانەی بارزانیەکان و بەتایبەتی مەلا مستەفای بارزانی وەکو ڕابەری شۆرش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردەیەی کە لە تەکیەی بارزان گەشەی پێدراوە و بەهای هاوشانی ئاینەکان تیایدا چەسپاوە. دیارە لە گەوهەردا ئەم دنیابینینە دەگەڕێتەوە بۆ گەوهەری بیرکردنەوەی شێخ محەمەدی بارزانی و شێخ عبدالسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزان ((خودان)) ەوە هەیە  ئەوانە بە قۆناغی جیا ئاراستەی ڕوانگەی تەکیەی بارزان دەکەن، کە دامەزراوە لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکان پێویستە (مافی بەهای بەرامبەری و هاوشانی لە نێوان ئایینەکان هەبێت) مسۆگەر بێت. بەرگری کردن لە پێکهاتە ئایینیەکان ئەم هەڵوێستەوای کردە پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان بارزانیەکان و پێکهات ئایینیەکان بە گشتی دروست بێت کە بناغەکەی متمانە و قبولکردنی یەکتری بوو لەسەر بنەمای بەهای ئایینی یەکسان  بۆیە دەبینین کوردە جووەکان لە ناوچەکانی زێبار و ئاکرێ و زاخۆ و ناوچەکانی بارزان دەژیان وەکو مەسیحیەکان خۆیان بە تابعی تەکیەی بارزانیەکان دەزانی ( ئەسەسەرد، ٢٠١١، ٢٠) .

خەواجە خێتۆ ڕابەری کۆمەڵگەی جووەکانی ئاکرێ بوو جگە لەوە گابای کەنیشتەی جووەکان بووە، پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ عەشیرەتەکانی ئاکرێ هەبووە، میوانخانەیەکی تایبەتی هەبووە بێ جیاوازی جووەکان و موسلمانەکانیش سەردانیان کردووە. پەیوەندیەکی پتەوی هەبووە لەگەڵ خێڵی(زێباری هەرکی و سورچی و گۆران) زاخۆ ژمارەی جووەکان تا ناوەراستی سەدەی بیستەم دوو لەسەر سێی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە زۆرجار بەو شارەیان گوتووە ئیسرائیلی دووەم،(یان قودسی میزۆپۆتامیا) بەتایبەت زۆر جوو کە کۆچی ئیسرائیلیان کرد لە گەڵ خێزانەکانیان



جووه كوردهكان له كاتى گهرانهوهيان بو ئيسرائيل

لە ئیسرائیل خوێندیان و دوای ئەوە لە ئەمریکا دکتۆرایان هێنا سەردانی ئەو شارەیان کردووە و بەناوی (یۆنا سەبار) کورەکەی کتێبەکی نوسیە بە ناوی (بەهەشتەکەی باوکم ڕۆمانێکە باسی ژیانی باوکی دەکات لە زاخۆ و دوای چوونی بۆ ئیسرائیل دڵی هەر لە زاخۆ بووە) (گەرەکی جوولەکان) کۆڵانی باریك و تەنگەبەر دەژیان لە راستیدا جووەکان لە سەردەمی جیاوازی ئیسلامی بە بەردەوامی سەرانەیان لێسەنراوە، ئەمەش بۆ پاراستنی سەرو ماڵ و مولکیان وبەلام کاتێك بەریتانیا لە ١٩١٨ز عیراقی داگیرکرد، بارودۆخی جووەکان گۆرانی گەورەی بەسەرداهات هەر بۆیە پێشوازیان لە سوپای بەریتانی کرد و خۆشحال بوون بە هاتنیان (عدنان:٢٠٠٩، ص٨٥-٨٦).

دوای دروست بوونی دەولەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ز ئیترلەزۆربەی ولاتانی جیهانەوە جووەکان پرۆسەی گەرانەوەیان بۆ دەولەتی تازە دروستبووی خۆیان دەست پێکرد، جووەکانی عیراق بە گشتی کوردستان بە تایبەتی بە هیوای دووبارە گەرانەوە بوون بۆ خاکی ئیسرائیل، واتا هەندێ لە جووەکان بە هۆکاری سۆز و عەتف و ئایینی پاڵنەر بوو بۆ گەرانەوەیان بۆ وڵاتەکەیان چونکە خاکی ئیسرائیل خاکێکی پیرۆزە پێناسکراوە لە

دنیابینینی ئایینەکەوە. بۆیە بزووتنەوەی زایۆنستی  هەولەکانیان دەخەن گەر بۆ هاندانی کۆچ کردنی جووەکانی عیراق بۆ ئیسرائیل.

جووەکانی کوردستان  بە دوو ئاراستە کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل ، ئاراستەیەکیان بەفەرمی و لە ڕێگەی حکومەتەی بەغداوە بگەرێنرێنەوە بۆ خاکی ئیسرائیل. بە ڕێگای قاچاغی لە ریگای تورکیا و ئێرانەوە کە مەترسی  هەبوو لەگەڵ خەرجیەکی زۆر. بۆیە بە پێی بریاری حکومەتی عیراق یاسای گەرانەوەی جووەکان بۆ خاکی ئیسرائیل لە ساڵی  ١٩٥٠-کۆچی بەکۆمەڵی ناچاری دەستی پێکرد و وە لەسالی ١٩٥١، بەپێی بریاری حکومەتی عیراقی (یاسای سڕکردنی مال و موڵکی جووەکان)، بە پێی ئەو یاسایە بەهێچ شێوەیەك بۆیان نەبوو ملك و ماڵی خۆیان لەگەڵ خۆیان ببەن و لە عیراق دەری بکەن دەبوایە تەنها بە جل و بەرگی خۆیان برۆنەوە (پشدەری،٢٠١٣، لا٢٢٤-٢٢٢) بارودۆخەکە بەم شێوەبوو بۆ زۆرینەی جووەکان کە مولك و ماڵیان هەرزان فرۆشکەن و بەر لە کۆچکردنیان، ئەویش لەبەر کەمی کات زۆرجار فریای ئەوەش نەدەکەوتن. وەکو هەوڵدانێکی ناکام و ناچاری هەندێ لە خێزانەکان بۆ دەربازکردنی سەرمایەکانیان پەنایان بۆ بە یاساغ بردنی خشل و زێر دەبرد لە ڕێگەی شاردنەوەیان لەناو خواردنی وەکو کفتە و هەندێکیان لە شیرزەییان پەنایان دەبرد بۆ قوتدانی هەندێ لە خشلەکانیان تەنها بە مەبەستی دەربازرکردنیان. دوای ئەوەی زۆرینەی جووەکان عیراقیان جێهێشت بەتایبەت کوردستان بارودۆخی ئابوری و پرۆسەی بازرگانی بەر و پشێوی و کزی و داتەپین چوو، چونکە جووەکان خەلکی پسپۆر و خاوەن پیشە و دەست ڕەنگین بوون. لە لایەکی تر خاوەن سەرمایەکی گەورە بوون هەمیشە بازاریان هەڵدەسوراند و گەرم بوو، کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر لە ئابووری عیراق و کوردستان تەنانەت تا ئاستی کۆنترۆللکردنی ئابووری بەهێز بوون (عدنان:٢٠٠٩، ص١٧).

پاش گەرانەوەیان لە ساڵی (١٩٥١)ز عیراق و کوردستانیش بەدواوە جووەکان لەعیراق و کوردستان نەمان هەلبەتە بەشێك لەژنەکان هاوسەرگیریان لەگەڵ کوردە موسلمانەکان کرد و بوون بە موسلمان لە کوردستان مانەوە، هەندێکیشیان لە پیاوەکان بوون بە موسلمان و هەرچەندە بە پێی هەندێ زانیاری ڕێورەسمەی جوەکانی جێبەجێکردووە بە شاراوەیی. کە بە (بنجو) ناسراون (طیب:٢٠١٢،لا٢٨٦).

**بەشی دووەم: چەمك و پێناسەی ئەفسانە**

ئەفسانە پێناسەیەکی یەکلاکەرەوەی نییە، پسپۆران و شارەزایانی ئەفسانە لەسەر ئەوە کۆکن ئەفسانە لە پێناسەیەکی چڕ و کورت و پوخت جێگای نابێتەوە، لەبەر ئەوەی

پێکهاتەی ئەفسانە فرە رەهەند و فرە رەگەزە، لە هەمان کاتدا چەندین پێناسە هەن کە باس لە ئەفسانە دەکەن . ئێمە لەم تۆژینەوە چەردەیەك لە پێناسەکان دەخەینە روو وە لە کۆتایی پێناسە فرە جۆرەکانی ئەفسانە، پێناسەیەکی پوختی کارپاییکردن هەڵدەبژێرین.

لە فەرهەنگەکاندا ئەفسانە بە : (راز یان سەرگوشتە یان چیرۆك، دیرۆك، رووداوی خەیاڵی یان رووداوێکی ناراست) هاتووە، لە زمانی عەرەبیدا بە (اساطیر) ناوبراوە. لە زمانی ئینگلیزی (myth) . وشەی (myth) بە مانای (نوتق، وتن) دێت واتا ئەو شتە دەگەینێ کە مرۆڤ لە دەمی دێتە دەرەوە یان لە شێوەیەکی فراوانتر پێی دەوترێت (چیرۆك) (فرنان، ٢٠١٢، ١٧).

نموونەیەکی پێناسەی ئەفسانە بریتییە لە (گێڕاوەیەکی شێواوی رووداوە مێژووییەکانە، بە خەیاڵێکی میللی و چەندەها حیکایەتی ئایینی نەتەوەیی و فەلسەفی دادەهێنێ، بۆ وروژاندنی هەستی گوێگر) (السواح، ٢٠٠١، ١٤).

لە پێناسەیەکی تردا : ئەفسانە بریتییە لە (حیکایەتێکی پووچ و بێ ناوەرۆکی مرۆڤی سەرەتایی بەپێی خەیاڵە لاوازەکانیان دایان هێناوە) (کارین، ٢٠٠٨،-٧،١٠).

هەندێك جار ئەفسانە یان چیرۆکێك سینگ بە سینگ گواستراوەتەوە پێی دەوترێت(میتۆلۆجیmythology))، میثۆلۆجی بە مانای ئەفسانەناسی دێت، بریتییە لە: (لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکی ئەفسانەکان، لە کولتوورێکی دیاریکراودا یان لە کەلەپوورێکی ئایینیی دیاریکراودا) (الیکسی، ٢٠٠٠، ٣٨-٥٠).

لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیادا هاتووە، ئەفسانە بریتییە لە: ( ئەرکی ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردن لە خۆ دەگرێ، لەگەڵ هەندێ بیروباوەڕی واقعی، هەروەها ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە بۆ کولتوور و کەلەپوور بە شێوەیەکی دیار و بەرجەستە پەیوەست دەبێتەوە بە پێشهات و بەسەرهاتی ڕاستەقینەوە) (الیکسی، ٢٠٠٠، ٣٨-٥٠).

ئەفسانەکان ئەو رووداوو بەسەرهاتە تایبەت و نموونەییانەیە بە تایبەت ئەو رووداوانەی پەیوەستن بە کرداری خواوەند و قارەمانان، شتێکن لە سەرووی توانای مرۆڤن، ئەم رووداو و بەسەرهاتە نائاساییانە، بەپێی رۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەفسانە لەگەڵ(بزووتنەوەی رۆمانسی) لە سەدەی نۆزدەهەم گەشەی کرد. بەڵام تەوەرە فراوانەکانی ئەفسانەناسی لەگەڵ گەشەکردنی زانستی (فیلۆلۆجیای بەراودکاری) لە سەدەی نۆزدەهەم دامەزرا، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنتۆلۆجیا (زانستی بنەچەی خێزانە مرۆییەکان ) (الیکسی، ٢٠٠٠، ٣٨-٥٠).

مالینۆڤسکی وای دەبینی کە ئەفسانە تەنها بریتی نییە لە (چیرۆك یان حیکایەتێکی سادە، بەڵکو ئەفسانە ئەو واقعە وێنا دەکا کە ئەو تێیدا دەژی، بۆ ئەو مرۆڤە سەرەتاییە ئەفسانە تا رادەیەك لەو چیرۆکە پیرۆزانەی نێزیکە کە لە رێورەسمە ئایینییەکاندا (رِیتوێلەکاندا) هەن، هەر ئەو چیرۆکانەش کۆنترۆڵی بڕوا ئایینییەکان دەکەن،) (مالینۆڤسکی، ٢٠١٦، ٤٤). بۆیە ئەو پێی وایە: بێ زانینی بڕوای راستەقینەی سەرەتایی ئەفسانە وە بێ زانینی شێوازی رێکخراوی کۆمەلایەتی کە ئەو ئەفسانانەی لێ بەرهەم هاتووە، لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەکاریکی بێ ئەنجامە. هەروەها مالینۆڤسکی پێی وایە: شێوەی ئەدەبی ئێستەی ئەفسانە کەوتۆتە ژێر گۆڕانکاری و بە لاڕێدابردنی زۆرەوە، لەسەر دەستی پیاوانی ئایینی گۆڕانکاری تێدا کراوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ئەفسانانەی کە تا ئێستا زیندوون دەبێ بۆ کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بزانین نهێنیی ئەم ژیانە چییە.

بەپێی هەندێ لە سەرچاوەکان، ئایین و ئەفسانە پێکەوە سەریان هەڵداوە، چونکە ئاینە کۆن و دێرینەکان و سەرەتاییەکان بۆخۆیان کەرەستەیەکی دەوڵەمەندی ئەفسانەن، ئەگەر بە ووردی سەیری گۆران و پێشکەوتنی ئایین بکەین، ئەوا لەگەڵ ئەم پێشکەوتن و گۆرانە ئەفسانەش ئامادەیی هەیە ، ئەو هۆکارانەی کە ئایینیان دروستکرد هەر ئەو هۆکارانەش بە زۆری ئەفسانەیان دروستکرد، بۆیە لە زۆر قۆناغدا سەیر دەکەین ئاین و ئەفسانە لێ جیاناکرێتەوە، بۆ نمونە:

لەسەردەمی سۆمەرییەکان بۆ نمونە زۆر دەق هەن باسی لافاو دەکەن وەکو رووداوێکی واقعی بەشێکی گرنگی مێژوو ئەفسانە و کتێبە پیرۆزەکانی داگیرکردووە هەروەها لە دەقی گلگامێشیش هەر باسی ئەم لافاوە دەکەن و دواتر لەسەردەمی ئایینی میترایی پاشان زەردەشتی، کۆمەڵێ ئەفسانەی سەیر و سەمرە هەن کە باسی کە چۆن خوا مرۆڤی خولقاندووە بۆ ئەوەی کە پەیامی خۆی بلاوبکاتەوە،هەر خۆی ئایینەکە لەسەر بنەمای ئەفسانەیی دامەزراوە دوو هێزی دژ بە یەك(هێزی شەر و هێزی خێر) (ئەلوەنی، ٢٠٠٧، ٣٢، ٣٨). ئەفسانە پانتاییەکی زۆر لە زەمینەی مێشکی خەلکەکە دادەگرێ و کاریگەری و بڕوای باش پەیدا دەکات، بە هاتنی ئایینی جوو و مەسیحیش ئەفسانە هەر بەردەوام دەبێت، وە لە سەردەمی ئیسلامیشدا ئەفسانە گۆرانکارییەکی باش بەخۆیەوە دەبینی خۆی گونجاندووە.

ئەمەش ریگەی ئەوەمان بۆ خۆش دەکات کە بە دڵنیایەوە بلێین کە ئێمە ئەفسانەی ئایینی کوردی جومان هەیە، ئەم ئەفسانانە پڕە لە رەنگ و بۆنی ئایینی و کولتوری. لە لێکۆلینەوەی زانستی بە جوانی دەردەکەوێت. هەمووی لەسەر یەك دەوڵەمەندی

و هەمەڕەنگی بە ئەفسانەی کوردیەوەی دەبەخشن و قۆناغێکی نەش و نمایی ئەم ئایینە نیشان دەدەن.

**بەشی سێیەم: ئەفسانە لای جووەکانی کوردستان**

ئەفسانە لە دید و بۆچوونی کوردە جووەکاندا بەشێکی گرنگە لە باوەڕ و کولتوور و مێژوو و بونیان. لە دەقە ئەفسانەییەکانەوە ڕەگەزە کولتوورییەکان پارێزراون و پێویستە وەکو بنەماکانی کەرەستەی خاو سوودیان لێوەربگیرێت. لە دیوێکی ترەوە دەقە ئەفسانەییەکان هەڵگری ڕەگەزی پیرۆزین لە نێو ئایینی جوو. چونکە سەربوردەی پیرۆز لەخۆ دەگرن. بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەفسانە بابەتێکی پڕو پووچ و کەم بایەخ نییە لە نێو جووەکان. بەڵکو بابەتێکی زیندوو و کاریگەرە لە ئاگایی و بڕوای جووەکان بە تایبەتی وە هەڵگری بەها کۆمەڵاییەتیەکانە و چونکە جووەکان بە ناسراون زۆ براوادارن، زۆر جار ئەفسانەکان سەربوردەیەکی پیرۆز و کەسایەتیە ئایینیەکان دەگێرنەوە و پیرۆزی دەکەن. کوردە جووەکان زۆر ئەفسانەیان هەیە دەربارەی حەکیم و حاخامەکانی کوردستان کە نەوە دوای نەوە شاگردەکانی تا سەردەمی ئێستاش لە نێو جووەکان باوە و پیرۆزکراوە و باوەڕیان پێیەتی و لە ئیسرائیلەوە دێن سەردانی ئەو حاخام و شوێنە پیرۆزانە دەکەن بۆ کۆمەڵێك هۆکار یان ئەوەتا بۆ چاککبونەوەی نەخۆشەکانیان یان بۆ گەیشتن بە خەون و مرازەکانیان ، یان بە باوەڕێکی ئایینیەوە سەردانی مەزارگاکانیان کردووە. زۆرجار ئەم ئەفسانانە لە کتێبە پیرۆزەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، لەوانە لە کتێبی(میدراش) کە شێوازێکی جوەکانە کە ووشە و دەق و پشت دەقەکان لێکدەدانەوەی بۆ کراوە، ئەمەش لە بنیاتنانی ژیانی نەریتی جووەکان بە باشی ڕنگی داوەتەوە ، جگە لەوە کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ناوخۆی جووەکانیش هەبووە، یەك لە و



وێنەی کارتۆنی سامویل بارزانی لە کتێبی (Osnat her doughter) وەرگیراوە

ئەفسانانەی کە قسەی زۆری لەسەرە و باسی کراوە و بەشێکی نوسراوەتەوە بەشەکەی تر گێردراوەتەوە ئەویش ئەفسانەکانی(ساموێل بارزانی)ە کە دەکاتە باوکی(ئەسیناس بارزانی).

**سامۆئێل بارزانی**

حاخامێکی بەناوبانگی نێو کۆمەڵگەی کوردە جووەکان بووە، ماوەیەك لە موسل ژیاوە ناوی(ساموێل بن رابی ناتانایل هال لیڤی بارزانی)، نازناوی بارزانی وەرگرتووە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە ناوچەی بارزان گەورە بووە و  ژیاوە، سەرۆکایەتی یەکەم ئەکادیمیای خۆی کردبێت، لە ساڵ ١٦٣٠ کۆچی مردووە، هیچ سەرچاوەیەك باسی تەمەنی ناکەن کە چەند ساڵ ژیاوە، بەڵام بە پێی ئەفسانەیەك ١٢٠ ساڵ ژیاوە، زانایەکی دیار و شاعیرێکی عیرفانی ناسراوە، گەنجێکی سادە و ڕاستگۆ و لەخوا ترس بووە،  ساموێل بن ناتانێل هالێڤی بارزانی، بە زانست و تەقوای خۆی ناسرابوو. جگە لەوەی حاخام بوو، سەرکردەیەکی دانپێدانراوی بوو لە کۆمەڵگای جووەکاندا. زۆر دڵسۆز ڕاستگۆ بوو بۆ پەروەردەی ئایینی. لە شارێکەوە بۆ شارۆچکەیەکی تر گەشت دەکرد بۆ دامەزراندنی یەشیڤۆت(واتا سەنتەری نەریتی دیراسەی جووەکان) کە لە سەرانسەری کوردستان سەرەنجی قوتابی ڕاکێشابوو. کاتێک سەفەری نەدەکرد، کاتێکی زۆری بۆ پەروەردەکردنی کچەکەی (ئاسیناز بارزانی) بەسەر دەبرد. فێری خوێندن و بیرکردنەوە لە وشە پیرۆزەکان کرا وەک ڕێگەیەک بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حیکمەتی خواناسی (تیرزا،٢٠١٢. ١١٢). کتێبخانەیەکی گەورەی دەستنوسی دامەزراند کە زۆر دەگمەن بوو لە کوردستان کۆمەڵێك نوسراوی کون و سرودی ئایینی نوسرابوون کۆپی کرابوون و هەندێکیان وەرگێردراونەتە سەر زمانی ئارامی بۆ قوتابیان و خەلکی گشتی، ئەم دەستنوس و دۆکومێنتانە لەسەدەی ١٦ و ١٧ نوسراون و زۆر ووردەکاری ژیانی رووحانی ئابووری و کۆمەلاییەتی کوردستان باس دەکات (بێیری، ٢٠١٣، ٢٧).

بەپێی ئەفسانەکان لە گەنجیدا نەخوێندەوار بووە، ئەمەش وەکو شوبهاندنی  بە (پێغەمبەری موسلمانان محمد)، نازناوی( ئەدۆنی) پێبخشراوە لە لایەن شاگردەکانیەوە ناونراوە، ئەمەش نازناوێکی شەرەفمەندانەیە، بە مانای (ئاغاکەم) دێت. وەکو سەرکردیەکی ڕۆحی لێیان روانیوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردە جووەکان، دوو براو دوو خوشکی هەبووە، هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە کورێکی هەبووە بە ناوی ئیسحاق، بەڵام بە پێی نامەکەی ئەسیناس بارزانی کچی، هیچ کورێکی نەبووە جگە لە تەنها کچێك ئەویش بە ناوی ئەسیناس بارزانی، ئەمەش گریمانەیە لەوانەیە کە کورەکەی بە گەنجی مردبێت، لە کاتێك هێشتا باوکی لە ژیاندا بووە، چونکە بە پێی ئەفسانەکان کە لە خوارەوە باسی دەکەین.

كە بە پێی ژیاننامەی ساموێل كە بەسەرهاتەكانی سەرچاوەی چەندان ئەفسانەیە وە زۆرینەی ئەفسانەكان لە لایەن خێزانەكەی و شاگردەكانیەوە داریژراون یەك لەو ئەفسانانەی كە تایبەتە بە باری نەخوێندەواری ڕابی ساموێل، ئەفسانەكە بریتیە لە ((باوكی ڕابی ساموێل دوای ئەوەی هەموو هەوڵەكانی دەخاتە گەر بۆ فێربونی خوێندەواری تەورات بۆ ساموێلی كوری، بەڵام سەركەوتوو نابێت، بۆیە باوكی بۆ ماوەی سێ (٣) ڕۆژ لە ژوورێكدا زیندانی دەكات و هیچ نان و ئاوێكی پێنادا، دایكی زۆر داوی لە مێردەكەی كردووە كە كورەكەیان ڕزگار بكات، ڕەحم بە تاقانە كورەكەیان بكات، بەڵام گوێی پێنەداوە موكر بووە لەسەر بڕیارەكەی خۆی، لە ڕۆژی سێیەمدا، بەیانی زوو، فریشتەیەك بە شێوەیەكی موعجیزە دەركەوت و هەموو تەوراتەكەی فێری ساموێل كرد، بەم شێوەیە لە مردنێكی دڵنیا ڕزگاری بوو.)) (sabar,1982,104-129)

ئەم ئەفسانە هەرچەندە سادەیە بەڵام ووروا ئایینیەكە دەیكا بەهێز و پەیامی خودایی و بۆ بەهرەمەند كردنی جگەرگۆشەكەیان. لێرەدا حاخام بە پێی بڕوا ئایینیەكەی دەگاتە ترۆپكی بەزەیی خوا و نزاكانی بەئەنجام دەگا و كورەكەی فێری خوێندەواری دەبێت. هێزی ئەم ئەفسانە لەوەدایە كە چەند جاری دووبارە دەیگێریتەوە بڕواداری كوردی جوو زیاتر ئیمانی دەهێنێ و لە لایەن موعجیزە ئاسا لە ئاگایان جێگای خۆی دەكاتەوە. لە كاتێكدا كە ساموێل تەنها منداڵێك بووە، لە تەمەنێكی بچووكەوە، دەركەوتنی فریشتە لەم ساتە وەختە گرنگەدا ئەمانە لە كتێبی میدراش ئاماژەی پێكراوە.

**ئەفسانەی دووەم:**

ساموێل ڕۆژێكیان لەترۆپكی چیادا بەتەنها و دوور لە ئاوەدانی شار تێنوویەتی ماندوو بوون بڕستی لێدەبێ و تێنویەتی زۆر تەنگی پێهەڵدەچنی، لە پڕێكدا بیری دەكەوویتەوە گۆزە ئاوەكەی لە ماڵ فەرامۆش كردووە، بۆیە نزا دەكا و داوا لە خوای گەورە دەكات كە هاوكاری بێت بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم بارودۆخەدا. لە كاتێكدا نوێژی دەكرد سەری بۆ ئاسمان بەرزركردبۆوە، لە پڕێكدا پیرەمێردێكی نوورانی لەبەر دەمێدا دەركەوتووە، پەرداخێك ئاوی بەدەستەوە بوو پێی گووت: ((یەزدان گوێی لە نزای تۆ بووە و منی ناردووە تا ئاوت پێبدەم بۆ خواردنەوە. ئێستا هەستا نزای شوكرانەبژێری بخوێنە، ساموێل لە وەڵامدا ووتی: من نزای شوكرانە بژێری نازانم، چونكە منی خزمەتكارت نەخوێندەوارم. بەڵام پیرەمێردە نورانەیەكە لە وڵامدا ووتویەتی: كە تۆ نەخوێندەوار نیت، تەنها وەكو داب و نەریتی خۆت ئەلف و بیت گۆ بكە، كاتێك ساموێل ئاوەكەی خواردەوە پیرەمێردەكە پێی گووت: بزانە من ئیلیا پەیامبەرم، ئێستا ئاواتەكەتم پێ بڵێ، ئەگەر بۆ حكمەت یان سامانی دنیاش بێت پێت دەدرێت. ساموێل لە وڵامدا گوتویەتی: من لە خودا دەترسم و

ڕۆحم ڕقی لە پوچیەکانی دنیایە. داواکارم ئەوەیە یەزدان زانست و زیرەکیم پێببەخشێت بە ڕووناکی تەورات چاوەکانم ڕۆشن بکاتەوە. پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکات پیرەمێردە نورانیەکە دەستێکی بەسەر سیمای داهێنا و گوتی: تۆ دەبیتە حەکیمێکی حەکیمێکی گەورە لە تەوراتدا)) (sabar, 1982,114)

گەوهەری ئەم ئەفسانەیە گرنگی زۆری هەیە کە بەشێکی دەکەوێتە خانەی پیرۆزیەوە بەتایبەتی کە لە ئەفسانەکەدا لە ساموێل دەپرسن چیت دەوێت یەزدان ئامادەیە مرازت بدات، ساموێل بێ دوو دڵێ و بە بڕواوە داوای دانایی و حکمەتی زانا بوون دەدات لە تێگەیشتنی تەوراتدا. وە لەم ئەفسانەشدا ساموێل کە بەدڵێکی پاکەوە نزا دەکات دەپارێتەوە و داوای یارمەتی لە یەزدان دەکات، یزدان بەهانایەوە دەچی و لە تەنگانەدا ڕزگاری دەکا. ئەم بەهانا چوونە هێمای خۆشەویستی ساموێلە لای یەزدان و گیرابوونی نزایەکانیتی لە تەنگانەدا، ئەوە دەسەلمێنی ڕۆحی ساموێل خۆشەویستی خوا بووە.

**ئەفسانەی سێیەم:**

ڕابی ساموێل لە لایەن بڕوادارانی کوردە جوولەکان بە فریادڕەس ناسراوە و لەکاتی تەنگانە ئەم ئەفسانە لە کۆمەڵگەی کوردە جوولەکاندا وا جیگیر بووە کە ئەگەر لە کاتی تەنگانە هاواری بۆ بکەن ساموێل وەکو ڕۆحێکی پیرۆز بە هانایەوە دەچی. بۆ نمونە دەگێرنەوە:

((لە یەکەم شەوی پەسحدا[1]، ساموێل و خێزانەکەی لەسەر ئەرزدا پەلکەوتبوون، لە ناکاو ساموێل هەڵدەستێتەوە، چاوی دادەخات، وەك ئەوەی نوێژ بکات، سەری بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە دوای ماوەیەکی کورت زەردەخەنەیەك لەسەر رووخساری دەرکەوێت، خێزان و شاگردەکانی بەمە سەریان سورما، کاتێك کورەکەی لێی پرسی مانای چیە؟ لە وڵامدا ووتی کە چاوەڕێ بکەن، دوای ئەوە کاروانێکی ووشتری بینی، بارکرابوون بە دیاری، لەبەر دەرگایماڵەکەیان وەستان، هەندێ پیاوی عەرەبی لەگەل بوو، کە پێیان گووتن کە دیارییەکان بۆ ڕابی ساموێلە، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری خۆیان دەرببرن،(sabar,1982,104-129) کە ژیانیانی ڕزگار کردووە، وا ڕوونی کردووە لە گەشتێك دابوونە بەلەمەکەیان لەسەر ڕووباری دیجلە درزێکی گەورەی لێدروستبووە خەریك بووە بخنکێن، بەڵام پیاوێکی جوومان لەگەڵ بووە، بە زمانی ئارامی بە بێدەنگی لە لێواری بەلەمەکە دانیشتوە، لەکاتێکدا هەموان لە دڵە ڕاوێکدا بووە، پرسیاریان لە ئارامیەکەی کردووە، وەڵامی

[1] چەژنێکی جوولەکانە بە بۆنەی ڕزگاربوونیان لە دەریای سوور کە بەشێوەی موعجیزە کە دەریای سوور کەرت بوو، جوولەکان ڕزگاریان بوو لە لایەن بەنی ئیسرائلەوە.

داوەتـەوە ئەگـەر پاداشـتیان بـدات ئـەوا ڕزگاریـان دەكـات، ئـەوانیش بـەڵێنیان داوە، جووەكـە دەستی كردووە بە نوێژكردن، هاواری بۆ ڕابی ساموێل كردووە كە داوا لە خودا بكات كە بیانپارێزێت، ئیتر لەو كاتەدا درزەكە بەشێوەیەكی سەرسورمان چاكبۆەتەوە و بە سەلامەتی گەیشـتنە شـوێنی مەبەسـت. ئینجـا كورەكـە تێگەیشـت كـە بـاوكی بـە مۆركی پێی و درزەكـەی چاككردۆتـەوە دوای ئـەوە دڵنیـا بـوو كـە بۆیـە زەردەخەنـەی كـردووە لـە شـەوی پەسحدا.

لەم ئەفسانەیە ڕابی ساموێل بە (حزاقین) ناونراوە واتا پیاوە پیرۆزە(پیرە) ئەمەش ئاماژەیە كە تەمەنێكی درێژ ژیاوە، لەسەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن، كە زاواكەی كە لە نزیكەوە دەیناسی ناوی ڕابی یاقوب بووە، دەڵێت لە مردنیشدا هێزی ڕووناكی ڕۆحی ساموێل كزنەبۆتەوە.

لەم ئەفسانەیەدا كوردە جووەكان ئومێد لە بێئومێدیدا، هێز و ئیرادە لە بن دەستی و پەرتەوازەیی و بێ كیانیدا بەرهەم دێنن لە بڕوای ئایینەكەیانەوە لە ڕێگەی ئەفسانەوە. وەكو هەر ئەفسانەیەكی تر هێزی داوە بە بەباوەڕی ئایینی و یەكبوونی كووردە جووەكان لە باوەڕ بوون بە هێزی سەرووی ئاسا لە ڕێگەی پیاوێكی پیری پیرۆزی ئایینەكەیان.



**ئەفسانەی چوارەم:**

لەم ئەفسانەیەدا ڕابی ساموێل لەسەر زەمینی كوردستان لە یەكێ لە دێیەكانی ناوچەی بارزان لە كۆتایی تەمەنیدا ژیاوە.

ڕۆژێك ڕابی ساوێل بارزانی و باوكی لە سوكاحدا دادەنیشن بۆ خوێندنەوەی تەورات، دەبینین كە بە بڵێسەی ئاگرێكی سەوز دەورە دراوە، شێخەكانی ئەم ناوچەیە لە دوورەوە بڵێسەی ئاگرە سەوزەكە دەبینن، بۆیە لەگەڵ بینی ئاگرەكە بە ڕەنگی سەوز، بەسەر سوكاحەكەدا، بەردەستەكانی ڕەوانە دەكەن بچن بەدوای ئەم ئاگرە سەوزە. پاش بینینی ئەم بڵێسە ئاگرە سەوزە نائاساییە داوا لە ساموێل و باوكی دەكەن ببن بە موسلمان، هێمای ڕەنگی سەوز لە نێو كوردە جووەكان بە

ڕەنگی بەهەشتی دەیناسن، وە لە لای موسلمانەکان ڕەنگی سەوز بە هێمای پیرۆزی نەوەی پێغەمبەر محەمەدن ناسرایە. هۆشداییان پێدەدەن ئەگەر نەبنە موسلمان ئەوە دەخرێنە ئاگرەکەوە و تا مردن. ساموێل و باوکی پاش بێدەنگی و بیرکردنەوە داوا دەکەن ماوەیان پێبدرێت تاکوو ڕۆژی یەکشەمە بۆ ئەوەی بریاری خۆیان بدەن لەم بارەوە. باوکی ساموێل پاش بیرکردنەوە بڕیار دەدات کە ساموێل کرد کە هەڵبێت و خۆی بزربکات، بۆیە ڕۆژی شەمە پلانیان دانا کە هەڵبێت، باوکی دەستی کرد بە گریان بەڵام ساموێل بە بیری هێناوە کە نابێت ڕۆژی شەموان بگرێت چونکە قەدەغەیە، بۆیە لە بارزانەوە سەری خۆی هەڵگرت بۆ ئامێدی، بۆ چەند ڕۆژێك لە کەنیشتەکەی ئامێدی خۆی حەشاردا، بەڵام تێگەیشت کە فەرمانی شێخ زۆر توند و تیژە، بۆیە دوعای کرد کە خودا رۆحی ببات، بۆیە خودا هەر ئەوکاتە رۆحی کێشراو لە مردوویی دۆزرایەوە کە شاڵی نوێژەکەی لەبەردا بوو، ئەم مردنە وەکو شەهیدێك لە نێو کۆمەڵگەی جووەکان لەقەلەم دراوە. لە دوای مردنی زاواکەی ڕابی یاقوب، سەرۆکایەتی یشفاکەی گرتۆتە ئەستۆ (sabar,1982,104-129).

ئەم ئەفسانە لەگەوهەردا هێمای پیرۆزی ئایینەکە ئەوەندە بەرز دەنرخێنی کە پیاوانی ئایینی جوو ئامادەن ڕۆحی خۆیان بکەنە قوربانی ئایینەکەیان بەڵام هەرگیز ئامادەی دەستبەرداربوونی ئایینەکەیان نین.

**ئاسیناز بارزانی**

کچی ساموێل بارزانیە، لە باری کۆمەڵایەتیدا ئازادکرابوو لە ئەرك و بەرپرسیارییە ڕۆژانەییەکانی ناو خێزان وەك ( چێشتلێنان و پاککردنە و جل شوشتن) کە زۆرێک لە کچان و ژنانی هاوتەمەنی خۆیدا کردوویانە. بەڵکو لە لایەن باوکیەوە تەرخانکرابوو بۆ ڕۆلبینین لە پەیوەندیە کۆمەڵاییەتیەکان و خوێندن و ڕەوان بێژی ( tresa ،٢٠٢٠، ١١٢).

لە کتێبەکەی بە ناوی (osnat and her dove) باسی هۆنراوەیەکی ئاسیناز بارزانی دەکات و دەنووسێت "هەرگیز لە ژیانمدا هەنگاوم نەناوە بۆ دەرەوەی ماڵەکەم، کچی پاشای ئیسرائیل بووم...لەلایەن زانایانەوە پەروەردە بووم؛ لەلایەن باوکی کۆچکردوومەوە نازم لێکرا". هیچ هونەر و پیشەسازییەکی تری فێر نەکردم جگە لە بابەتە ئایینە ئاسمانییەکان (Samueli,2021,8_9) .

ئاسیناز بارزانی (ئاسیناز بارزانی) لە سەر ڕەزامەندی باوکی هاوسەرگیری بە ئامۆزایەکی خۆی دەکات بە ناوی (جاکۆب بن ئەبراهام). باوکی ئاسیناز بەر لە هاوسەرگیری تێگەیشتنی هاوبەشی هەبوو لەگەڵ ئاسیناز لەسەر ئەو مەرجانەی کە لە ژیانی هاوژینیدا نەخرێتە ژێر باری کاری ڕۆژانەی ماڵە و داخستنی بواری ئازادی پەیوەندی

کۆمەڵایەتی و درێژەدان بە خوێندن و خوێندنەوەی تەلمود. بۆیە داوای کرد بەڵگەنامەی هاوسەرگیرییەکەی ئەو مەرجەی تێدابێت کە کچەکەی 'هەرگیز نابێت بەهۆی کاری ماڵەوە سەرقاڵ بێت! بۆیە دوای هاوسەر گیری توانی درێژە بە خویندن و چالاکیەکانی بدات (Samueli,2021,20).

لە ژیانی هاوسەرگیریدا لەگەڵ ئامۆزاکەی بوون بە خاوەنی دوو منداڵ، کوڕێک و کچێک. کورەکەی بە ناوی یاقوب لە شاری موسڵ پیشەی مامۆستایەکی سەرەکی بوو لە یەشیڤادا. جێگای شانازی دایکی بوو بەڵام لە تەمەنێکی گەنجیدا کۆچی دوایی دەکات، لە دوای کۆچی دوایی کورەکەی (ئەسناز بارزانی) لەبری ئەوەی قوتابخانە دابخا، پۆستی بەڕێوەبەری یەشیڤای گرتە ئەستۆ و درێژەی بە خزمەتکردن دا . وا دیارە ئەو یەکەم ڕاگری یەشیڤا و سەرۆکی مامۆستا بووە لە ئەکادیمیای تەلمودی پیاوان لە مێژووی جوودا.



[]howard ,2012, 9_14 []

لە مۆزەخانەی(ANU) لە (تل ئەبیب) کۆمەڵێك لە چیرۆک و بایۆگرافی و چالاکیەکانی ئەسناز بارزانی (عوسنات بارزانی)ی پاراستووە ئەمرۆش وەکو سەرچاوەی زانیاری پشتی پێ ببەستن . یەکێ لە نامەکان. کە چەند ووتەیەکی بە نرخی ئاسیناز بارزانی لە خۆ گرتووە و دەڵێ: "من لە ئەزموونی فێربوونەوە قسە دەکەم، من ناڵە و ئاهی دابڕان لە خاکەکەم هەڵگرتووە، چونکە پریشکی درەوشاوەی ڕووناکی ناو هەورێکی ئاسمان لە گەلەکەمدا شاردراوەتەوە..."

هەروەها نامەیەکی حاخام پینهاس هەریری بۆ حاخام ئاسیناز بارزانی هەیە پارێزراوە لە ساڵی ١٦٦٤. لە کتێبی «جووەکانی موسڵ» لە نووسینی (ئێزرا لانیادۆ)، لە کتێبخانەی نیشتمانی قودسەوە هەڵگیراوە بە پێی ئەم نامەیە ئاسیناز بارزانی ناسنامە و ناوبانگێکی سەنگینی بەدەستهێناوە لە لایەن خەڵکەوە، بۆیە ((ڕابی پینهاس هەریری)) بۆی نووسراوە :

((حاخام و مامۆستاکەم، هەمیشە ئامادەین بە ئیمانی پاکەوە خزمەتت بکەین)) (الحیانی، ٢٠١٢، ١٧٥_١٩٥).

**ئەسناس بارزانی**

لە ماوەی ژیانیدا لە ئامێدی خاوەنی چەندان پەرجووەی (موعجیزەی) تایبەت بە خۆی بوو موجیزەکان ئاسیناز بارزانی مرواری درەوشاوەی بەهاداری ئایینی جووەکانە.

مرۆڤە ڕۆشندڵ و ڕۆحانیە مەزنە دنیا نەویستەکان کە لە بواری ئایینی باوەردارانە خزمەت دەکەن زۆر جار پەرجوو دەنوێنن. لە دێرین زەمانەوە بەشێکی گرنگی ئایین لە ئەفسانە و موجیزە پێك هاتووە، ئاسیناز بارزانی یەکێکە لەو ئافرەتە ئیماندا رو مەزنانەی کە خزمەتی بیروباوەری ئایینی جووی کردووە وهێزێکی سەرووی سروشتیەکانی هەبووە. بەگوێرەی ئەفسانەکان ، دەیتوانی بە بانگکردنی ناوی پیرۆز دەستدرێژکاران دوور بخاتەوە. بە پێی سەرچاوەکان ئەفسانەیەك لە ئاسیناز بارزانیە وە تۆمار کراوە.

**ئەفسانەی پێنجەم:**

دەڵێت: لەو سەردەمداە لە پێشهاتێکدا لە ڕووداوێکی نەخوازراودا ئاگر لە کەنێشتەك بەردەبێت کوژانەوەی لە مەحال نزیك دەبێت، بەبەر چاوی دەوروبەرەوە کەنیسەکە دەسوتێ، کەس لە دەوروبەرەکە گر و گلپەی ئاگرەکەکە پێ خامۆش ناکرێ خۆیان بە بێ دەسەڵات دەبینن، ئاسیناز بارزانی جگە لەوەی خۆی باوەر دار و خزمەتکاری ئایینەکە بووە، خۆشەویستەکی زۆری بۆ کەنیشتەکە هەبوو، بۆیە کە دەبینێت ئاگر لە کەنیسەکە بەربووە، دێتە سەر ئەژنۆ و نزا دەکات، دەستی بەرز دەکاتەوە دەپارێتەوە داوای هێز و فریادڕەسی دەکات لە یەزدان. لەو کاتەدا فریشتەکان لە لایەن یەزدانەوە ڕەوان دەکرێن و دادەبەزن لە ماوەیەکی کورت و کەمدا ئاگرەکە خامۆش دەکەن و کەنیشتەکە لە خاپوربوون رزگار دەکەن بەڵام سەرەرای ئەوەش دەستنوس و کتێبێکی زۆری ئایینی دەسوتێن. لەپاش ئەم ڕووداوە خۆشی ترس و بێدەنگیەکی قوڵ دایدەگرێ لەو کاتەوە بەشێوازی جیا لەناو خەلکی دەوروبەری ئامێدی ئەم ئەفسانەیە دەماو دەو دەگێرنە و نارەستەوخۆ پێگە و کەساییەتی ئاسیناز بەرز و پیرۆز دەکەن. لە پاش نواندنی ئەم موجیزەیە باوەرداران بۆ شفا و چارەسەری نەخۆشەکانیان و مرازدارەکانیان دەچونە زیارەتی ئاسیناز و داوای نزا و چارەسەریان لە ئاسیناز دەکرد ( howard ,2012, 9_14 ).

ئەم ئەفسانەیە لە نێو کوردە جووەکاندا هێمایە بۆ بڕوا بوون بە ئایینەکەیان لە ناو ئاینەکەشیان زۆر پێویستیان بە ڕابەرێکی ڕۆحی هەبووە، کە لە کاتی تەنگانەدا پەنای بۆ ببنەن و داوای یارمەتی لێبکەن. لە دیوێکی ترەوە ئەم ئەفسانەیە کۆی کوردە

جووەکانی یەکخستووە کە هیواو ئومێد لەسەر ئایینەکەی خۆیان و ڕۆحە مەزنەکانی مرۆڤە پیرۆزەکانی ئایینەکەی خۆیان ببەستن.

**نەبی ناحوم**

دوازدەهەمین و بچوکترین پەیامبەری جووەکان ناوی هاتووە لە کتێبە پیرۆزەکان، کە لە سەدەی حەوتەمی پێش میلاد ژیاوە ، زۆر رای جیاواز هەیە لەسەر شوێنی لە دایك بوونی هەندێك باس لەوە دەکەن کە لە (القوش)ی ولاتی دوورووبار لە دایك بووە، هەندێکی تر باس لەوە دەکەن کە القوشی ئیسر ائیل لە دایك بووە لەسەردەمی ئاشوریەکان گواستراوەتەوە ناوچەکانی بلاد ئاشور، لەوانە مێژوو نوس هیرونیموس لە سەدەی چوارەمی میلادی ژیاوە، کە باسی القوشی ئیسرائیل دەکات، هەندێ سەرچاوەی تر لەگەل هەموو ئەوانەش کتێبی پیرۆز باسی القوشی بلاد ئاشوری ولاتی دووربار دەکات ئەمەش سەرچاوەیەکی باوەر پێکراوە، ناحوم ناوێکی عبریە بە مانای (معزی) دێت . خاوەن کتێبێکی پیرۆزە بە ناوی (سفر ناحوم) کە لە ئەلقوش هاتۆتە خوارەوە،بە شێوازێکی ئەدەبی عبری باسی کۆمەلێ پێشبینیدەکات، کاریگەرێکی گەورەی هەیە لەسەر تێگەیشتنی دانیشتوانی ولاتی دووبار بە گشتی و جووەکان و مەسیحیەکان بە تایبەتی.

( ولیام، ٢٠١١، لا٢_٦) لەوانە پێشبینی کاولکاری نەینەوای پایتەختی ئاشوریەکان و قەلاکەیان و هێزی سەربازەکان دەکات، ئەم ڕووداوانەش بە پێی مێژوو هەمووی ڕوویاندا و سەرجەم پێشبینیەکان هاتنە دی پایتەختی ئاشور کاولکرا. ڕۆژهەلاتناس بنیامین تطیلی لە گەشتەکەی لە سالانی ١١٦٥ ١١٧٣ باسی نبی ناحوم دەکات



دەلێ (( ناحوم یەکێکە لە پێغەمبەرانی جووەکان ، کە لە سەرتاکانی سەدەی حەوتی پیش زاین ژیاوە کە شوێنی گۆرەکەی دیارە و دەکەوێتە ناوچەی القوش کە جووەکان سەردانی دەکەن))( بنیامین تطیلی،١٨٥١،لا١٢٠-١٢٣).

کۆمەڵێ ئەفسانەی سەرسورهێنەر هەن دەدرێتە پاڵ هێزی سەرووی ئاسای گۆری پێغەمبەر ناحوم.

**ئەفسانەی شەشەم:**

وەکو دەگێرنەوە زیارەتکاران لە ڕێگای دوورەوە دێن و دەچنە سەردانی گۆری نبی ناحوم، دوای بینی شوێنەکە و نانخواردن ، لەبەر درەنگی کات لەناو مەزارەکە ئەو شەوە دەمێننەوە لەبەر ئەوەی ئەوکاتە شوێنی حەوانەو هۆتێل نەبوو لە ئەلقوش، بۆیە مەزاری نبی ناحوم دەمێننەوە و بەکاری دەهێنن بۆ پشوودان و خەوتن ( زیارەتکاران لەناو مەزارەکە خواردن و خواردنەوەشیان بەکارهێناوە) ئەو شەوە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و سەرسورهێنەر مەزارەکە چەند جارێك دەهەژێ و ترس و نیگەرانی دەخاتە دڵی زیارەتکارانەوە، ئەم ڕووداوە چەند جارێك ئەوە دووبارە بۆوە، وا قسەی لەسەر دەکرێ کە پیرۆزی مەزاری نەبی ناحوم قبوڵ ناکا جگە لە زیارەت کردن بەکاربێت بۆ خواردنەوە و کات بەسەر بردن، لەوساوە زیارەتکارانی بڕوا دار بەهیچ شێوەیەك جگە لە زیارەتکردن لەناو مەزاری نەبی ناحوم نامێننەوە.

ئەم ئەفسانەیە داکۆکیکردنە لە بەهاو پیرۆزی مەزاری نەبی ناحوم و لە زیارەتکاران کە بە مەبەستی تر دووربێت لە بەهای ئایینی بەکاری بهێنن.

**ئەفسانەی حەوتەم:**

((دەگێرنەوە لە ساڵێ ١٩٤٠ ئافرەتێك دەچێت بۆ ئاو هێنان لە کانی، خوێن لە لاقەکانی دێت رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبێت نەخۆش دەکەوێت چەند جارێك دەیبەن بۆ لای دکتۆر هیچ چارەسەر نابێت بۆیە وەکو مرازدار رۆژێك دەیبەنە سەر مەزاری نبی ناحوم، پاش زیارەت کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە هەست بە ئارامی دەکات و خەوی لێدەکەوێت، ئەو شەوە خەون دەبینێت کە مرازی حاسل بووە و نبی ناحوم لە خەودا پارچەیەك نان ئی دەبەخشی شفای هاتووە ، بەیانی کە هەڵدەستێ هەست بە چاککبونەوە دەکات و خەونەکە دەگێرێتەوە))

ئەم ئەفسانە پیرۆزی و گرنگی هێزی شفا بەخشی مەزاری نەبی ناحوم تا ئەمرۆش لای بڕوادارانی کوورده جووەکان و مەسیحیەکانی کوردستان ماوە و بە پلەی یەکەم هۆکارە بۆ پاراستن و نۆژەنکردنەوەی مەزارەکە و بەرزراگرتنی پێگە ئایینەیەکەی.

بۆیە ئێستاش زۆربەی خەلکی ناوچەکەی دەوروبەری لەکاتی نەخۆشی دێن دوای هەلگیرساندنی مۆم لەوێ دوعا دەکەن بۆ چاکبونەوە و پارچە پەڕۆیەك لە گۆرەکەی ناحوم دەبەستن بۆ بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانیان ( حبیب،٢٠١٣،لا٨٢).

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا چەندان ئامانج بەدیهات لە ڕێگای تیشك خستنە سەر مێژوو و کولتوور و ئەفسانەی کوردە جووەکان کە ڕۆڵ و کاریگەریان هەبووە و ماوە تا ئەمڕۆش گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت.

١. مێژووی جووەکان بەشێکی زیندووی مێژووی پێکهاتێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردستانە و بە گرنگیەوە ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە مێژووی کورد و کە ئەمڕۆش لە ئیسرائیل شانازی پێوە دەکەن.

٢. کولتووری کوردە جووەکان هەڵگری چەندان توخمی تایبەت بەخۆیانە کە هەڵگری ڕەنگ و بۆی کولتووری کۆمەڵگەی کوردستانە لە ئەنجامی تێکەڵ بوون و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەرجەستە بووە، وەکو زمان، جل و بەرگ، داب و نەریت، بەشداری کردنی ڕێوڕەسمەکان.

٣. لەم توێژینەوەدا ئەفسانە وەکو گەوهەری توێژینەوەکە پەردەی هەڵدا لەسەر چەندان ڕەگەزی گرنگ کە هەڵگری هێمای پیرۆزی و باوەڕ و پەیمان و جوگرافیا و زمان و نەریتە پیرۆزەکانە. وە لەم توێژینەوەدا گەیشتین بەو ئەنجامەی کە ئەفسانەکان کۆڵەگەیەکی گرنگی کولتوور و باوەڕی کوردە جووەکانە و کە تا ئەمڕۆش گرنگی خۆی لەدەستنەداوە.

٤. ئەم توێژینەویە ئاشنامان دەکا بە گرنگی ڕۆڵی ئەفسانە لە بوژانەوەی پردی پەیوەندی کولتوری کۆمەڵگەی کوردستان و کۆمەڵەی کوردە جووەکان، کە تا ئەمڕۆش هێزو دڵگەرمی پێبەخشیون شانازی بکەن بە جل و بەرگ و زمان و مۆسیقاو بۆنە کۆلتورییەکانی کورد لە ئیسرائیل.

لە ڕاڤەکاری ئەفسانەکاندا بۆمان ساغبۆوە کە چەندان شوێنەواری دێرینی کوردە جووەکان گرنگیان پێدراوە و پارێزراون لە کوردستان، وە بەهای هاوشانی ئایینەکان کاریگەری هەبووە لەوەی ئەمڕۆش جگە لە کوردە جووەکان بڕوادارانی مەسیحی و موسلمان و پێکهاتەکانی تر وەکو مرازدار دەچنە زیارەتیان و لایان پیرۆزە و بەهای ئایینی کولتووری خۆیان هەیە. لە زمان و هێماو سمبوڵی ئەفسانەکاندا دیارە کە پەیوەندیەکی مرۆڤدۆستانەی باش ڕەنگڕێژ کراوە لە نێوان کۆمەڵگەی کوردستان و کوردە جووەکاندا هەبووە و ئەمڕۆش وەکوو ڕابردووەکی جوان و شکۆدار لە مێژوودا بە زیندویەتی ماوەتەوە و بۆتە هۆکاری پەیوەندییەکی پتەوی گەرمی نێوانیان.

## سەرچاوەکان

١. ئەسەسەرد، فەرید: ڕیشەو بیروباوەڕی بارزانیەکان، هەولیر ، ٢٠١١.

٢. ئەڵوەنی، د. نجم: ئەفسانە و پەندی کۆمیدی و گاڵتە ئامێزی کوردی، لێکۆڵینەوە، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣. بیندەر هێنر: سەفەرنامەی هێنری بیندەر کوردستان، میزوپۆتامیا ،ئیران، و، ئەبوبکرخۆشناو، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٤. تیرزا، ڕابی فایرستۆن، وەرگرتن: وەرگرتنەوەی حیکمەتی ژنانە، سوید، ٢٠١٢.

٥. پشدەری ، سەردار : کورد و کوردستان لە قولایس مێژووە، هەولێر،٢٠١٣.

٦. زاکین: دکتۆر مۆردخای، جولەکەکانی کوردستان، میزوو و زیان و پەیوەندییان لەگەل ئاغا کوردەکاندا، و، سیروان حسین بییەیی، هەولیر، ٢٠١٥.

٧. ڕێبوار حمە تۆفیق: جولەکەکانی سلێمانی، تاران، ٢٠٠٥ .

٨. ڕەحمانی، وریا: کوردو کوردستان لەروانگەی نەخشە وانیەوە، هەولێر،٢٠٠٩.

٩. ریچ : کلاودیوس جیمس ریچ، گەشتەنامەی ریچ بۆ کوردستان، و،محەمەد حمە باقی، هەولیر ٢٠١٢.

١٠. سمایل، عباس سلێمان: جولەکانی هەولێر، ئینسکۆپیدیای هەولێر، ب(٦)،٢٠٠٩.

١١. سیرغی میناسیان: سەرەتاکانی بلاوبوونەوەی ئایینی جولە کوردستان، و. ماجید خلیل، گۆڤاری کوردناسی، هەولێر، ٢٠١٣.

١٢. علی ،د.برزان: جولەکەکانی کۆیە رەگێکی زیندووی کوردناسیمان، گۆڤاری کوردناسی، ژمارە (١) ٢٠١٣، هەولێر.

١٣. عبدوللا ، هوشیار: جولەکەکانی ناوچەی دزەییایەتی دەشتی هەولێر، ئیسکلوپیدیای هەولیر، ب٦، هەولێر،٢٠٠٩.

١٤. ، قادر، د.مهدی محەمەد: هەولێرلەسالانی ١٩٢٦-١٩٣٩، هەولێر،٢٠١٣.

١٥. میران، رەشاد: رەوشی ئایینی جولەکە، هەولێر، ٢٠٠٠.

١٦. طیب.دجمال فتح الله، :جولەکەکانی کۆیە١٩١٨-١٩٥١ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کۆمەلایەتیە، ، گۆڤاری زانکۆیکۆیە، هەولێر٢٠١٢.

١٧. قادر فتح الله: جولەکەیەکی کۆیە دوای ٥٨ سال بە سەردان دەگەرێتەوە کۆیە، گۆڤاری کە کۆن ژمارە(٤)،٢٠٠٩.

## سەرچاوە عەرەبیەکان

١٨. اولیڤیە: رحلە اولیڤیە الی عیراق، ١٧٩٤-١٧٩٦ ت، یوسفیحیی، بغداد،١٩٨٨.

١٩. اریك:براور: رافائیل پاتای: الیهود کردستان،ت.شاخەوان کرکوکی،عبدالرزاق بوتانی،اربیل، ٢٠٠٢.

٢٠. بنیامین تطیلی: رحلە بنیامین تطیلی الثانیە ١٨٥١-، اربیل،

٢١. حبیب. دکاظم :الیهود و المواطنە العراقیە، السلیمانیە، ٢٠٠٦.

٢٢. السواح، فراس، السطورة والمعنی، دراسات فی میثولۆجیا والدیانات مشرقیة، دمشق، ٢٠٠١.

٢٣. عدنان: زیان فرحان،: السیاسیە البریتانیە تجاە الاقلیات الدینیە فی العراق، اطروحە دکتورا غیر منشورە، جامعە دهۆك،٢٠٠٩.

٢٤. کارین، ارمسترونغ: تاریخ الاسطورة،ت، وجیة قانظو، لبنان،بیروت، ٢٠٠٨.

٢٥. مالینۆڤسکی، بنیاتە بنەرەتیەکانی بڕوا و ڕەوشت، سلێمانی، ٢٠١٦)
٢٦. فرنان، جان بیار، الاسطورة والفكر عند اليونان دراسات فی علم النفس التاريخی، ترجمة جورج رزق، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠١٢.
٢٧. قادر، هەلویست عمر، يهود كردستان (تاريخهم، مواقعهم،اعمالهم،صورهم(سليمانيه، ٢٠٠٧)
٢٨. لايارد، اوستن هنرى: مكتشفات أطلال نينوى و بابل : مع رحلات إلى أرمينيا و كردستان و الصحراو، ت، شيرين ايش، ابوڤبى،٢٠١٤.
٢٩. وليام مكدونالد، كتاب نبى ناحوم، ٢٠١١،ايران، لا٢_٦)
٣٠. لحيانى : علي شيت محمود، اليهود فی الموصل ١٩٢١_١٩٥٢، المحقق،زهير على أحمد النحاس، الموصل، ٢٠١٢.
٣١. المملكة العراقية، وزارة الشؤن الاجتماعية_ مديرية النفوس العامة، أحصاء السكان العام ١٩٤٧، ج٢، بغداد، مطبعة حكومة، ١٩٥٤،٢٢_٩٦.

## سەرچاوە بیانیەکان

1. Beeri, ora shwartz: the jews of kurdstan , the israel museum,jurles,2000.
2. Walter J. Fischel; The Jews of Kurdistan a Hundred Years Ago: A Traveler's Record, Jewish Social Studies, Vol. 6, No. 3 (Jul., 1944).
3. Sabar, yona, the folk literature of the kurdistani jews: an anthrology,yele university, 1982.
4. Samuel, Sigal; illus. by Vali Mintzi, , osnat and her dove, A Junior Library Guild Selection Canadian Jewish Literary Award Winner National Jewish Book Award Finalist,2021.
5. Howard, schwardtz ; Rosh hodish, Aflock of angle, londo,2012.

# الاسطورة يهوديين فى حكومة اقليم كردستان(أمثلة مختارة من منطقة بادينان)


**الملخص**

سوف نركز في هذه الدراسة على الأساطير اليهودية في منطقة بادينان في إقليم كردستان (زاخو ودهوك والمناطق المحيطة بها.(من الصعب تحديد تاريخ ظهور الأساطير بشكل عام، لكننا نعلم أن مراحل الحياة البشرية لا تزال مليئة بها. إن ظهور المعتقدات الدينية المختلفة في العصور القديمة كان نتيجة لعجز الإنسان عن السيطرة على قوى الطبيعة. الأسطورة هي تفكير عقلاني أساسي داخل الأديان أو الطوائف لتأسيس المعتقدات والواجبات المقدسة و للإجابة على الأسئلة الإثنولوجية التي تعزز إيمان المرء بدينه. إذا قرأت قصة كل دين، فإن حجر الأساس للدين يبدأ بقصة أسطورية، وينطبق الشيء نفسه على اليهودية. والثقافة اليهودية غنية بالأساطير، وخاصة أنه كان لديهم تاريخ طويل من التشتت والعبودية وكانوا بحاجة إلى أمل قوي وإيمان متين لمواصلة ودعم ثقافتهم ومعتقداتهم وقدسيتهم . سنتناول في هذه الدراسة بعض أساطير يهود منطقة بهدينان، والتي كان لهذه الأساطير منذ وصولهم إلى كردستان، الى يومنا هذا، تأثيرها وانعكاسها، وهذه الأساطير ظلت في الاذهان حتى عودة اليهود إلى إسرائيل حيث تم تسجيل معظمها .



**الكلمات الدالة**: *اليهود، الاسطورة، بارزان، السومريون، الثقافة.*


## The Jewish Myth in the Kurdistan Regional


**Abstract**

In this study, we will focus on Jewish myths in the Badinan region of the Kurdistan Region (Zakho, Dohuk and surrounding areas). It is difficult to determine the date of the emergence of myths in general, but we know that the stages of human life are still full of them. The emergence of various religious beliefs in ancient times was a result of man's inability to control the forces of nature .Myth is a basic rational thought within religions or sects to establish sacred beliefs and duties and to answer ethnological questions that strengthen one's faith in his religion .If you read the story of every religion, the cornerstone of religion begins with a mythical story, and the same applies to Judaism. Jewish culture is rich in myths, especially since they had a long history of dispersion and slavery and needed strong hope and strong faith to continue and support their culture, beliefs and sanctity .In this study, we will discuss some of the myths of the Jews of the Bahdinan region, which have had their influence and reflection since their arrival in Kurdistan, to this day, and these myths remained in the minds until the return of the Jews to Israel, where most of them were recorded.



**Keywords**: *Jews, myth, Barzan, Sumerians, culture.*